# نزایەك كە لەبەر دەرگای خودا دەمرێت

موئەیەد مەحمود(كاردۆ)



عەشقت بەرزترین لووتکەی گۆی زەمینە
تا زیاتر بەسەریا هەڵکشێم
زیاتر ترسم لە خزینە
بێ باکیت چۆلەکەیەکە ئێسک سووک
بە جریوە،عەیارانە
ئارامیم کون ئەکات بە دەنووک
گەورەترین خیانەت لە سرووشت
چاواڕوانیی چاوی منە
بۆ پێشوازی لە سینگی تۆ
ئاخر کەی ئەوە ڕەوایە
پەپوولە ببێتە خانە خۆێی ژیلەمۆ
کە لە ڕووی نەسیمی نزایەک
پەنجەرە دابخات
ئیتر بۆ ئەم عەبدە مەلوولە
لە دەرگای خوا بدات

2005-9-17